# گلان

سیروان کاروانی

گەر دەتەوێ لە تاسەکانم بگەی
شانەی خەمەکانی هەناوم دەربهێنە و،
نیگایەک لە پەڕەتەنکەی کونەکانی بکە
ئەوسا لە ڕەنگی زەرد و
بەختی ڕەش و
شەهیدی جلسوورم دەگەی
ئەوسا، لە گریانی ناخی دەروون و
پژانی فرمێسکی ئازارەکانی
چەند سەدەیەی ئەوێم دەگەی
بەڵام بۆ گەیشتنت بەو شانانە
وریابە، دەمامکی خۆپاراستن،
دووکەڵی چڕوپڕ، مەرج نییە بۆ ئەوەی
لە پێوەدانی خەمدەرانی هەرچواردەورم
ڕزگارت بێ
خەمدەران لە قووتوویەکی سەرئاوەڵا نین
ئەوان بێ پا نین، ئەوان بێ چزو نین
ئەوان سادەترین ساتەخۆشیان کێشت
ئەوان هەرچوار لە عەرعەڕی عەرەبستان دەچن،
لە هەزاران ڕۆح یەکیان نەهێشت

خەمەکانم بەرهەمی سەدەهای
ڕابووردووی ژیانی کۆڵەمەرگیمە
خەمەکانم زادەی شۆستەبارانی
تەمەنی بوونەوەریی گلانی تەنهاییمە

گەر دەتەوێ لە تاسەکانم بگەی
گالۆکەکەی مەردەکەی1 مامەیارە2 دەست بدێ و
بە کێوی هەزاربەهەزاری وێژەی کوردیدا سەرکەوە،
لەو بڵندایییەوە درووود بۆ پەلکەزێڕینەی

هزرەتیژەکەی بێژە و،
پەندەکەی دووبارە کەوە کە دەیفەرموو:
(کە باوەڕت بێ هیوایشت ئەبێ
کە بێ باوەڕبی چیت بەرئەکەوێ)3.
گەر دەتەوێ لە تاسەکانم بگەی
نەکەی ئەو پەند و
ڕەنگ و
بەخت و
جلەسوورانەم
لەیاد بکەی!؟
ئەگینا، لە ژێردەستی و
بێمافی و
پەرێشانیی
ئەم سەدەیەشم ناگەی!؟

ئۆرێبرو 2000/5/25

(1) {پیرەمێرد}ی شاعیر.

(2) گردێکە لە ڕۆژهەلاتی شاری سلێمانی، ئارامگای زۆر لە نازدارانە. پیرەمێرد کە لە 19ی حوزەیرانی 1950 مالئاوایی لە دونیای شیعر و وێژەی کوردی کرد، لەسەر وەسیەتی خۆی لەوێدا نێژراوە.

(3) یەکێکە لە پەندەکانی ناوبراو.